

ناڵە عەبدولڕەحمان

# پۆستەرە شیعر

سەفەر:

تۆ لە کوێوە هەڵدەوەرێیتە سەر چارەنووسم

کە من لە کتێبی ڕێگادا تۆم سڕیوەتەوە؟



شەکسپیر:

من لە تەختی دوایین نمایشدا

لە بەرگی جولیێت دێمە دەر و

چی تر ئەو ڕۆڵە ناگێڕم

پڕ بێ لە کوشتنی ڕۆمیۆ و

لە خاچدانی مەمکی سێو...

پیری:

من کە لە خاکی زەردیدا سەوزیم ونە

تۆ بە تاوان مەحکومم مەکە

ئەوە قەدەری باڵندەکانە لەوێدا

بیتهۆڤن:

تۆ ئەی ژەنیارترین وەهم لە سیمفۆنیای ژنێتیمدا ...
کە بەو ئیقاعە تێکشکاوانەت کاسم،
چۆن چاو نەبڕمە ئاسۆ و بێژینگ بۆ زەمەنی ئەودیو هەڵنەدەم
کە لەوبەری تەمەندا چیت نەسپاردە نیشتمانی سەما
تا ببن بە قامک و گوڵ بگرن...

ئاوێنە:

لەوێدا ناتوانین روخسارمان بگۆڕین
وەلێ لە ئاوێنەی یەکتردا
روخسارمان دەیەها رەنگە...



مۆزارت:

بە پەنجە تووتەی موعجیزەوە
پەڕەی گوڵ هەڵمەوەرێنە سنووری بێدەنگییەوە
لەوێدا گوێچکە تەنیاکان
قوڵپ بۆ نەژەنینی ئاوازی خنکاو دەدەن
لە ئاسمانی تاریکیدا ئاوێتەی خاکن...

پیاو (١)

تۆ ئیتر دەست مەدەرە کتێبی ئەستێرەکان
کە سەدە دوای سەدە
زەوی دەخەنەوە...

پیاو (٢)

تۆ کە لە زەمەنی رامان رادەکەی
من چۆن هێلانەی عەشقم نەبێت بە پایز
چۆن پەنجەکانم قەوزە نەگرن
نەبنە ژەمی ماسییە پەڕ وەریوەکان!؟